www.kurdistannet.org
5-5-2006 2:27 یەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ماڵئاوا کاکە ئازاد خانە قینی:**

کاك ئازاد خانەقینی وەسیەتێکی کرد پێی ووتم "، هەمو کە سێك چاولەمن بکات پاش لەکار کەوتن یان مردن قبوڵ نەکەن شینمان بۆ بکەن، من بۆ خۆم وەسیەتی ئەوەم کرددوە پاش مردنیش قبوڵ مەکەن بەناوی هونەرمەندو تێکۆشەرو ئەوانەی کە لەسەر لافیتەی بەردەرگای مزگەوتەکاندا هەڵدەواسرێت بۆم بنوسری" ...

نوسینی: رێژین ابراهیم
rezhen@maktoob. Com

ماڵئاوا هونەرمەند ئازیزی خۆشەویست و هەمیشە زیندوو... تۆ بەتەنها هونەرمەند نەبووی بەڵکو پێشمەرگە بوویت لەخەباتی شۆرش گێرانەی شاخدا وەك پێشمەرگەیەکی ماندوو نەناس دژ بە دوژمنان دەجەنگایت، تۆ تاقە نوێنەری گۆرانی کەلهوڕی بووی بە شێوەی زمانی زۆربەی گۆرانیەکانی ناوچەکانی خانەقین و کرماشان پاراستووە و نوی کاری تێدا کردووە تۆ یەکەم جارت کە دەستت بە گۆرانی کرد یەکەم جار لە تەمەنی لاویەتی دا لەساڵی 1972 بۆیەکەم جار چۆتە سەر شانۆو لەرۆژی (1) یەکی ئایاردا رۆژی کرێکارانی جیهان گۆرانی ووتوە، هەر لەیەکەم رۆژی ئایاری سالی 2006 دا ماڵئاوایت لە هونەروو دۆستان و ئازیزانی خۆ شەویستی خۆت کرد، ئەگەر چی هونەرمەند بەم هەمووکارە جوانانەیەوە کە هەرلەسەردەمی منداڵیەوە لە خەباتی شاخو دواتر لە ناو شاردا چەندین گۆرانیو ئاوازی بە جۆشی پێشکەش کردوە بەڵام بەداخەوە بەهۆی ئەو نەخۆشیە کتوو پەرەتەوە کەکە ئازاد نەت توانی لە خزمەتی هونەردا کار بکەی هەرچەند ماوەیەك لەمەو پێش لەسەردا نێکمدا بۆلای کە ئەو کات ئەو جەڵدەی دەماغ لێیدا بوو کەووتبوو، لەسەردانەکەم بۆ لای کە ئەرشیفە هونەریە دەوڵمەندەکەی خستە بەردەستم کە چەندین دەلیل و بەڵگەنامەی هونەری شاخو شاری تێدابوو هونەرمەند بەتەنها ئەو ئەرشیفەی بۆ خۆی دەلالەت بوو لەوو کارانەی کە کردوویەتی بۆ خزمەت کردن بەهونەری کوردی رەسەنو بەڵام بەداخەوە ئەم جارەش بەداخەوە.... !!!هونەرمەندێك کە هەر لەسەرەتای منداڵیەوە لەناو شاخو دواتر هاتنی بۆ شار بەگۆرانی و گیانی کوردانەی خۆی خەباتی کردووە بەڵام ئێستاش رەنج ماندوو بوونی هونەرمەند لە بەردەم کۆمەڵە کەسانێکدایە کە بەتەواوەتی هونەری رەسەن و هونەری راستەقینەی کوردیان ئیستیغلال کردوە بەراستی زۆر بێزار بوو لە یەکێتی هومەرمەندانی کوردستان بەداخەوە کە لە ئێستادا کۆمەڵێك کە سان بوونەتە یاریزان لەو مەیدانەدا کار دەکەن بۆ سرینەوەی مۆرکی کورد بوونی هونەری کوردی لەکوردستان، بەداخەوە لە بەڵگە نامەی کە کاکە ئازاد ختیە بەردەمم کۆتای ئەرشیفەکەی بریتی بوو لە (تەبلیغ کردنێك) کە لە لایەن (یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان) کە بە ژمارە 395 ی رۆژی 2003/6/30، کەداوا لە هونەرمەند دەکات لە بارەگای (ی. ه. ك) ئامادەبێت بۆ لێکۆڵینەوە واتە با بڵێین (گەلقەت الرحمه) لەبەر ئەوەی هەندێك گلەی و گازندەی لەو رێکخراوە کردبوو، من تێناگەم بۆ هونەرمەندانی خۆمان رێزیان لی ناگیرێت بۆ کەمرد ئینجا رێزیان لی بگرین بۆ تاماون لە ژیاندا خزمەتیان نەکەین، وەك دەزانین ئەو رۆژەی کە لە 2006/5/1 ماڵئاوای لێکردین ئەو کەسانەی ك! ه لەکاتی نەخۆشیەکەیدا سەردانی ماڵەوەیان نەکرد کەچی ئەو رۆژە بینیم بەچاوی خۆم کە لەکاتی مردنەکەدا هاتن بۆ لای، کاك ئازاد خانەقینی وەسیەتێکی کرد پێی ووتم "، هەمو کە سێك چاولەمن بکات پاش لەکار کەوتن یان مردن قبوڵ نەکەن شینمان بۆ بکەن، من بۆ خۆم وەسیەتم ئەوەم کرددوە پاش مردنیش قبوڵ مەکەن بەناوی هونەرمەندو تێکۆشەرو ئەوانەی کە لەسەر لافیتەی بەردەرگای مزگەوتەکاندا هەڵدەواسرێت بۆم بنوسری. "

ئەم هونەرمەندە پاش ئەوە ندە ساڵە چاوەروانی هیچ نابێت ئەوەتا هەروەکو خۆی دەیووت پێش ئەوەی ماڵئاوایمان لێ بکات " پربەدڵ حەزم دەکرد سەرە سۆدەیەکیان بکردایەبە سنگم دا لە پاداشتی ئەوەی کەماوەیەك خزمەتی هونەرم کردووە بەڵام بەداخەوە نەم بینی و ناشی بینم، لەبەر ئەوەی پاش ئەم دیدارە ئامادەنیم ئەوە وەربگرم.. !!؟؟. " دیارە ئەم ووتارو تێبینیانەی پێش مردنەکەی خۆی بۆ خۆی پرسیار لەو کەسانە دەکات کە لەکاتی نەخۆشیەکەیدا بۆ کەس ئامادە نەبوو کەچی کە کۆچی دوای کرد بەلێشاو هاتنە سەر! گۆری بە هوتاف کێشان لە تەلەفیزۆنەکانەوە پرسەیان بۆ دادەنا نازانم چۆن لە روویان دەهات بێنە سەر گۆری، پرسەو سەرەخۆشی خۆم ئاراستەی کەکە بەرزانی برای و بنەماڵەو دۆستانی کەکە ئازاد دەکەمو هیوادارم ئەمە دواهەمین ناخۆشی یان بێت